Referendum for Kurdistan Referendum for resolving the Kurdish issue and the political future of Kurdistan

# له وه‌ڵام به‌پرسی " رفراندۆم " و "جیابونه‌وه‌ی كوردستان "دا

ئاسۆ كه‌مال

دوای ئالوگۆره‌كانی عیراق و نه‌مانی رژیمی به‌عس پرسیاریك ئاراسته‌ی حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق ده‌كریٚ كه ئایا هه‌لویستی حزب سه‌باره‌ت به رفراندۆم و ریگاچاره‌ی جیابونه‌وه چی به‌سه‌ر دیت،وه‌كو خۆی ده‌مینیته‌وه یاخود ده‌گۆردریت؟ من پرسیاره‌كه‌ی " ره‌حمان مولود"م وه‌ك نمونه‌یه‌ك هیناوه‌ته‌وه بۆ وه‌ڵام دانه‌وه به‌م پرسه. فۆرمۆلبه‌ندی ئه‌م پرسیاره‌به‌م شیوه‌یه خراوه‌ته ڕوو ریگاچاره‌ی ح ك ع چی‌ده‌بیت بۆ مه‌سه‌له‌ی كورد له عیراقدا و ڕای حزب چی ده‌بیت له‌رفراندۆمیكدا كه سه‌باره‌ت به مانه‌وه له‌گه‌ڵ عیراقدا یان جیابونه‌وه بكریٚت؟

سه‌ره‌تا ئه‌وه بلیم كه حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق هه‌ر شیوازی رفراندۆم به‌شیوازی گونجاو و پیویست ده‌زانیت بۆ بریاردان له‌سه‌ر چاره‌نوسی كوردستان. رفراندۆم و راپرسی گشتی بریار ده‌داته ده‌ست خه‌لكی كوردستان خۆیان و ریگه ده‌گریت له‌وه‌ی تاله‌بانی وبارزانی له مامه‌له‌ی ئیستایان له‌گه‌ڵ ئه‌مریكا و چه‌له‌بی و حكیم دا یاری به‌چاره‌نوسی خه‌لكه‌وه بكه‌ن. بۆیه له‌روی مه‌بده‌ئی‌یه‌وه كار بۆبه‌رپاكردنی رفراندۆم بۆ یه‌كلایی‌كردنه‌وه‌ی كیشه‌ی كورد له عیراقدا نه‌ك له‌ده‌ستوری حزبدا لانه‌براوه به‌لكو پیمان وایه هه‌لومه‌رجیكی گونجاوتر به‌روخانی رژیمی به‌عس هاتۆته ئاراوه تا خه‌لكی كوردستان وه‌ڵامی خۆی له‌و رفراندۆمه‌دا به‌مانه‌وه یا جیابونه‌وه بدات.

به‌ڵام تاكتیكی حزب له‌و رفراندۆمه‌دا چی‌ده‌بیت،ئایا له‌سه‌ر جیابونه‌وه ده‌مینیته‌وه یان هانی خه‌لك ده‌دات بۆمانه‌وه؟ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه ئیستا جیگای باس و سه‌رنجدانه‌وه‌ی دوباره‌یه. به‌رای من هه‌لومه‌رجی تازه هه‌ردوو ئیحتمالی جیابونه‌وه و مانه‌وه‌ی له‌به‌رده‌م ئیمه‌دا داناوه و ئیمه له چاوه‌روانی ئالوگۆره‌كاندا‌ین تابزانین به‌كام ریگادا ده‌روات تاكو بریاری خۆمان بده‌ین. كه‌واته ریگای جیابونه‌وه‌ی پیشوو ته‌نها هه‌لبژاردنی ئیستای ئیمه نی‌یه و ده‌كریت واز له‌م ریگایه بهینین به‌ڵام به‌هه‌مان شیوه‌ش ریگای مانه‌وه‌له عیراقدا هیشتا مسۆگه‌ر نی‌یه و له‌وانه‌یه نه‌توانین وه‌ك تاكتیكی گونجاو بۆ كۆتایی هینان به‌كیشه‌ی قه‌ومی كورد له عیراقدا هه‌لیبژیرین. بۆ رۆشن كردنه‌وه‌ی ئه‌م هه‌لومه‌رج و هه‌لویست گیریه‌ی ئیمه و كاری ئیستامان له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی كورد،پیویسته هه‌ركام له فاكته‌ره‌كانی مانه‌وه وجیابونه‌وه له ئه‌وزاعی تازه‌ی سیاسی‌دا لیكبده‌ینه‌وه و تیروانینی كۆمۆنیزمی كریكاری له‌سه‌ر ئاینده‌ی ئه‌م كیشه‌یه بخه‌ینه ڕوو.

## پرسیاریكی تازه سه‌باره‌ت به تاكتیكی جیابونه‌وه

تیڕوانین و سیاسه‌تی ح ك ك سه‌باره‌ت به چاره‌سه‌ری كیشه‌ی كورد له عیراقدا نه‌ك به‌ته‌نها له ئه‌ده‌بیاتی حزبدا له‌چه‌ند سالی رابردوودا باسكراوه به‌لكو حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق له چه‌ند سالی رابردودا كه‌مپینیكی گه‌وره وبه‌رفراوانی له كوردستان و له ئه‌وروپا به‌ریٚخستبوو بۆ راكیشانی پشتیوانی جیهانی له‌پیناو به‌رپاكردنی رفراندۆم و جیٚبه‌جیٚكردنی ریگاچاره‌ی جیابونه‌وه‌ی كوردستان. مه‌سه‌له‌ی ئه‌سڵی له‌م پرسیاره‌دا سه‌باره‌ت به هه‌لویستی تاكتیكی حزبه سه‌باره‌ت به جیابونه‌وه نه‌ك سه‌باره‌ت به خودی بنه‌مای تیروانینی حزب بۆ ریگاچاره‌ی كیشه‌ی كورد. به‌پیٚی هه‌لومه‌رجی تازه‌ی عیراق ئه‌م حه‌ره‌كه‌ته‌ی حزب بۆ جیاكردنه‌وه‌ی كوردستان روبه‌روی پرسیار بۆته‌وه. ئایا ح ك ك له‌سه‌ر ئه‌م تاكتیكی جیابونه‌وه‌یه به‌رده‌وام ده‌بیت؟ ئایا ئه‌و فاكته‌رانه‌ی زه‌مینه‌ی پیویستی و واقیعی بونی ریگاچاره‌ی كوردستانی دروست كردبوو وه‌كو خۆی ماوه‌ته‌وه یان گۆرانی‌به‌سه‌ردا هاتوه؟ ئایا داوای جیابونه‌وه خزمه‌ت به سیناریۆی ڕه‌شی شه‌ڕی قه‌ومی ده‌كات له عیراقدا یا به‌ر به‌م سیناریۆی به یوگوسلافیزه ده‌گریٚت؟ جیگاوریگای نویٚی كیشه‌ی كورد چی‌یه له‌هه‌لومه‌رجی سیاسی عیراق به‌دوای روخانی به‌عسدا؟ من وه‌ك به‌رپرسی ئه‌و حه‌ره‌كه‌ته له‌چه‌ند سالی رابردوودا به‌پیویستی ده‌زانم كه وه‌ڵامی خۆم به‌م پرسیاره بده‌مه‌وه كه‌ئه‌م رۆژانه له‌زۆر شوینه‌وه روبه‌رومان ده‌بیته‌وه. هه‌لبه‌ت ح ك ع به‌شیوه‌ی بریارو په‌سه‌ندكراوی حزبی هه‌لویستی خۆی له‌سه‌ر ئه‌م مه‌سه‌له‌یه و هه‌لومه‌رجی تازه‌ی كوردستان ده‌خاته‌ڕوو.

## ریگاچارەی کیشەی کورد و تاکتیکی جیابونەوە

منصوری حیکمەت وەك مفکرو سیاسەت داریژی کۆمۆنیزمی کریکاری لەسالی ١٩٩٥دا لە وتاریك بەناوی (لە دیفاع لە سەربەخۆیی کوردستانی عیراقدا) ریگاچارەی کۆمۆنیزمی کریکاری بۆ مەسەلەی کورد و وەزعیەتی سیاسی کوردستانی عیراقی خستەڕوو. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ئەم سیاسەت و ریگاچارەیەی لە دووبریارنامەدا راگەیاند کە یەکەمیان سەبارەت بە چارەسەری کیشەی قەومی کوردە لە عیراقدا،وە تیایدا رای دەگەیەنیت کە ریگاچارە یان مانەوەیە لە عیراقدا بەمەرجی دابین کردنی مافی یەکسانی هاولاتی بونی خەلکی کورد لەگەڵ باقی خەلکی عیراقدا یاخود پیادەکردنی مافی جیابونەوە و پیك هینانی دەولەتی سەربەخۆ یە. کەئەم بریارنامەیە بەشیوەیەکی مەبدەئی لەروانگەی کۆمۆنیزمی کریکاری‌یەوە ریگاچارەی کیشەی کورد لە عیراقدا باس دەکات.

بەلأم بریارنامەی دووەمیان بریتی‌یە لە تاکتیکی حزب سەبارەت بەهەلبژاردنی یەکیك لەو دوو ریگاچارەیەی سەرەوە لەو هەلومەرجەی دوای شەڕی دوەمی کەنداوەوە کە کوردستان پیایدا تیدەپەڕی. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ریگاچارەی جیابونەوە و پیك هینانی دەولەتیکی سەربەخۆی غەیرەقەومی وغەیرە دینی‌یە لەکوردستان هەلبژارد. هەلبژاردنی ریگای جیابونەوە بۆ وەلأم بە دوو کیشە بوو. یەکەمیان ریشەی میژوویی ستەمی قەومی لەسەر خەلکی کورد و مانەوەی ئەو کیشەیە بەچارەسەرنەکراوی. دوەمیان سەرگەردانی سیاسی کوردستان و دیارنەبونی ناسنامەی وولأتی کوردستان و ناسنامەی هاولأتی خەلکەکەیەتی.

ئەو بەشەی لە پرسیاری سەرەوەدا هاتوە سەبارەت بە ریگاچارەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بۆ مەسەلەی کورد لە عیراقدا،هەمان وەلأمی مەبدەئی‌یە واتە یان مانەوەیە وەك هاولاتی یەکسان لەعیراقدا یان جیابونەوەیە و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆیە. تا ئەوکاتەی کیشەی کورد لە عیراقدا چارەسەر نەکریت و خەلکی کوردستان ستەمی قەومیان لەسەر بیت ئەم ریگاچارە مەبدەئی‌یە دەخەینە ڕوو و کار بۆ پیادەکردنی دەکەین.

بەلأم ئەوەی لەبەشی دوەمی ئەم پرسیارەدا هاتوە کە لە رفراندۆمیکدا ئیمە دەنگ بەچی دەدەین ؟ ئەمە هەلویست گرتنی تاکتیکی‌یە بۆ جیبەجیکردنی ئەو ریگاچارە مەبدەئی‌یە کە کە پەیوەندی هەیە بەو هەلومەرجە دیاریکراوەوە کە کیشەی کوردی تیدایە. حزب تاکتیکی جیابونەوەی کوردستانی هەلبژارد و ئەمەی بە شیوەیەکی عەمەلی و واقیعی دەزانی بەپیی بونی چەند فاکتەریك. یەکەم : رژیمی مەرکەزی بەعس رژیمیکی شۆڤیستی عەرەبی بوو کە مۆرکی قەومی عەرەبی بە دەسەلات لە عیراقەوە نابوو وە بەمانەوەلەسایەی ئەو رژیمە قەومی‌یەدا کیشەی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەلکی کورد وەکو خۆی دەمایەوە و تەجروبەی زیاتر لە٣٠ سال حاکمیەتی بەعس ئەمەی سەلماندبوو. دووەم : بەعەمەلی کوردستان لە دەسەلأتی رژیمی بەعس جیا بوو. ئەم پرسیارە لیرەدا دیتە پیش کە ئایا لە کاتیکدا ئەم فاکتەرانە گۆڕان حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق تاکتیکی پیشووی جیابونەوە دریژە پیدەدات یان نا؟

بیگومان تاکتیکی حزب سەبارەت بە مەسەلەی کورد پەیوەندی بە چوارچیوەی سیاسی و رەوەندی ئالوگۆڕەکانی ئیستای عیراق و کوردستانەوە هەیە. دەبیت بزانین کە هەلومەرجی تازە چ ئالوگۆڕیك بەسەر کیشەی قەومی کورددا دینیت و چ سیناریۆیەك دەبیتە واقیع. لیکدانەوەی ئەمانە پیشینە و زەمینەکانی گرتنەبەری هەر تاکتیکیکی تازەیە کە حزب دەیگریتە بەر.

## وەزعیەتی سیاسی تازەی عیراق و جیگاوریگای کیشەی کورد

بە روخانی رژیمی بەعس دەسەلاتداریتی تاقانەی قەومی عەرەبی شکستی خوارد و بەم پی‌یە سەرچاوەی ستەمی قەومی سەر خەلکی کورد لە ئیستادا نەماوە. بەلأم ئەم هەلومەرجە لەهەمان کاتدا هەردوو ئیحتمالی نەمان وسەرهەلدانەوەی کیشەی قەومی کوردی لەخۆگرتوە.

بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی بەشیوازیکی لاوازتر دەتوانیت مۆری خۆی لەدەسەلات لەعیراقدا بدات. بەتایبەت بەرژەوەندی ئەمریکا لەعیراقدا پیویستی بە جۆریك راگرتنی هاوسەنگی هیزە لە نیوان هەرکام لە ناسیونالیزمی عەرەبی و ناسیونالیزمی کورد وشیعەدا. هەرکام لەم هیزانەش دەزانن کە رادەی دەسەلات ومانەوەیان لە چوارچیوەی ئەو ستراتیژەدا دەرواتە پیش کە ئەمریکا بۆ دروست کردنی دەولەتیکی ژیرسایەی خۆی لە عیراقدا دایرشتوە. ئەم فاکتەرە سیمای سیاسی دەسەلات لەعیراقدا دەگۆریت لە دەولەتیکی قەومی عەرەبی‌یەوە بۆ دەولەتیکی فرەقەومی و فرەمەزهەبی. بەلام ئەم دەولەتە هەلگری ناکۆکی‌یەکی قولْ و فراوانە لەگەڵ هەمان ستراتیژی دروست کردنی دەولەتیکی مەرکەزی کە ئەمریکا بەشوینیەوەیەتی. دەولەتی تازەی عیراق لەسەر ئەساسی تەقسیمی قەومی ومەزهەبی زەمینەی شەری قەومی و مەزهەبی بەسەر سەریەوە وەك شمشیری دیموکلیس دەمینیتەوە. ئەوەی لەم

پرۆسەیەدا ئەم تیکەڵاوە رادەگریت دەسەلاتی عەسکەری ئەمریکا لە عیراقدایە کە خۆی روبەروی نارەزایەتی جەماوەری یە و بەهەڵئاوسانی کیشەچارەسەرنەکراوە سیاسی وئابوریەکانی عیراق خۆی دەبیتە یەکیك لەسەرچاوەی تەقینەوە وتوندوتیژی. هەربۆیە کۆتایی هاتنی کیشەی قەومی،هەرچەند بە ناوەرۆك و شیوازی جیاواز لەرابردوشەوە بیت، لەم پرۆسەیەدا چاوەروان کراو نی‌یە.

وەزعیەتی سیاسی تازە کیشەی قەومی کوردی لە چوارچیوەی ستەمی قەومی پیشوەوە گۆریوە بە شیوەی منافەسە و تەقسیمی قەومی. بەنەمانی بەعس ستەمی قەومی لە ئیستادا لەسەر خەلکی کورد لاچوە بەلام خەتەری کێشە و تەقسیمی قەومی لەسەریان ماوەتەوە. ئەم هەلومەرجە ئیحتمالی نەهیشتنی ستەمی قەومی تیدا هەیە ئەگەر مۆرکی قەومی لەدەسەلاتی مەرکەزی بکەنەوە و حکومەتیکی غەیرە قەومی لەعیراقدا دامەزریندریت. بەلام ئەمریکا لەعیراقدا خەریك نی‌یە دەولەتی غەیرە قەومی لە عیراقدا پیك بینیت بەلکو ئەوەی لەو نەخشە ئەمریکی‌یە دەردەچیت دەولەتی فرەقەومی و فرە مەزهەبی یە. دەولەتی فرەقەومی سەرچاوەی سەرهەلدانەوەی کیشەی قەومی دەبیت نەك چارەسەری مەسەلەی قەومی. هەرکام لەبەشەکانی ئەم دەولەتە قەومیە ناسنامەی قەومی خۆیان دادەبرن بەسەر خەلکەکەیاندا و ئەم منافەسەیە دەکەن بە روخسار و ناسنامەی هاولاتیان. لەجیگای یەکسان بونی ناسنامە و مافی هاولاتیان تەقسیم و ململانێی قەومی ومەزهەبی بەسەر خەلکدا دادەسەپینن. لاوازی وبەهیزی هەرکام لەم لایەنانە پیناسەی رەوابون نابەخشیتە هیچ کام لەم لایەنانە و هەموویان لە یەك مەسەلەدا شەریك دەبن کە هیشتنەوەی کیشە و شەری قەومی‌یە. لاچونی ئەم مۆرکی قەومی‌یە لەدەولەتی عیراقدا مەسەلەی ئەسلی وریگاچارەی ئیستایە بۆ کیشەی کورد کە ناسیونالیزمی کورد داوای ئەمە ناکات بەلکو داوای فدرالیزمی قەومی واتە تەقسیمی قەومی دەولەت دەکات. بەم پێیە ناسیونالیزمی کورد خۆی بەشیکە لەهیشتنەوەی کیشەی قەومی کورد نەك چارەسەرکردنی. ریگاچارەی فیدرالیزمی قەومی کە ناسیونالیزمی کورد داوای دەکا لە عیراقدا ریگاچارەی نەهیشتنی ستەمی قەومی نی‌یە بەلکو ریگای هیشتنەوەی ئەم تەقسیم و کیشە قەومی‌یەیە. کیشەی قەومی کورد ئیتر کیشەی خەلکیکی ستەم لیکراو نی‌یە کە لەلایەن دەولەتیکی مەرکەزی‌یەوە بەهۆی جیاوازی قەومیانەوە ستەمیان لەسەرە بەلکو کیشەی ناسیونالیزمی کوردە لەگەل دەولەتی مەرکەزی یان دەسەلاتیکی تری قەومی مەزهەبی عەرەبی‌دا لەسەر دابەشکردنی دەسەلات لەعیراقدا. بەم پێیە چوارچیوەی کیشەکە لەقالبی کیشەیەکی خەلکەوە دەگۆریت بە کیشەی شەری دەسەڵات.

مافی جیابونەوە ئیتر لە ریگاچارەی پیشووی چارەسەری ستەمی قەومی یەوە سەرچاوە ناگریت. بەلکو پیادەکردنی ئەم مافە بۆ خۆپاراستن لەشەرێکی قەومی دەبیت لەکاتیکداکە هەردوولای کیشەی قەومی،دەیانەویت بەرپای بکەن و نەتوانریت بەری پی‌بگیریت. ریگای جیابونەوە ریگایەکی ناچاری دەبیت بۆ بەرگرتن بەکارەسات نەك مافیکی رەوا بۆ دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی. هەروەك نمونەی بۆسنەو هەرسك و کرواتیا وصربیا. ئەو کات جیابونەوەی کوردستان ریگاچارەیەکی سیاسی دەبیت کە لەلایەن کۆمەلگای نیودەولەتی لەریگای رفراندۆمیکی ئازادانەوە ئەنجامدەدریت.

فاکتەری دوەمیش لە سیاسەتی ئیمە بۆ جیابونەوەی کوردستاندا وەزعیەتی سەرگەردانی سیاسی کوردستان و جیایی عەمەلی ئەو بو لە دەولەتی مەرکەزی. ئیستا کە ئەم فاکتەرە نەماوە و کوردستان بوەتەوە بەبەشیك لە عیراق، ئەوا چارەسەری وەزعی سیاسی کوردستان بەشیکە لە چارەسەری وەزعیەتی سیاسی عیراق. مەسەلەی هەلواسران ودیارنەبونی ماف وناسنامەی هاولاتی‌بونی خەلکی کوردستان و دیارنەبونی ناسنامەی وولات بونی کوردستان بەگەرانەوەی وەك بەشیك لە عیراق حەل بوە و ئیستا خەلکی کوردستان هاولاتیەکی عیراقین و لە وولاتی عیراقدا دەژین.

## کۆمۆنیزمی کریکاری و چارەسەری کیشەی قەومی کورد

کۆمۆنیزمی کریکاری ئەرکی ئەوەیە لە ئیستاوە بەربەشکل گرتنی ئەم پرۆسەیەی شەری قەومی بگریت وە خوازیاری دامەزراندنی دەولەتیکی غەیرە قەومی بیت لە عیراقدا. ئەمە بەمەسەلەی سەرەکی لە ئیستادا بۆ حەلی کیشەی کورد لە عیراقدا دەبینیتەوە. منصور حکمت هەر لەسەرەتاوە ئەوەی راگەیاند کە بەدیلی ئیمە بۆ چارەسەری کیشەی کورد تەنها جیابونەوە نی‌یە بەلکو جیابونەوە سیهەمین ئیختیاری ئیمەیە و لە غیابی بەدیلی یەکەم، کە هینانەسەرکاری حکومەتیکی سوسیالیستی، وە هەروەها لەغیابی بەدیلی دوەم، کە هیاتنە سەرکاری حکومەتیکی غەیرەقەومی‌یە، ئیمە ریگاچارەی جیابونەوە وپیکهینانی دەولەتی سەربەخۆمان هەلبزارد. بەلام لەئیستادا روخانی حکومەتی بەعس فرسەتیکی هیناوەتە ئارا بۆ سرینەوەی مۆرکی قەومی عەرەبی لە دەولەت ونەهیشتنی ستەمی قەومی لەسەر خەلکی کورد لە ریگای هاتنە سەرکاری حکومەتیکی غەیرەقەومی. کۆمۆنیزمی کریکاری لە ئیستاوە جیابونەوە بە ریگای پیشنیارکراو نابینیت بۆ نەهیشتنی گەرانەوەی خەلکی کورد بۆ زیر ستەمی قەومی.

بەلكو دەبيت ئەو ريگايانە بگريتە بەر كە ناهيليت كيشەی قەومی كورد ئەو ريچكەيە بگريت كە قەلشتی نيوان خەلكی كورد لەگەڵ باقی خەلكی عيراقدا قولتر بيتەوە و كاردەكات بۆ سرينەوەی هەرچی سەرچاوە و پاشماوەی كيشەی قەومی وستەمی قەومیيە. نابيت ريگە بدريت كە حكومەتی قەومی و فيدراليزمی قەومی بسەپينريت بەسەر خەلكی عيراق وكوردستاندا و دەبيت شيعاری دامەزراندنی دەولەتيكی غەيرەقەومی وغەيرەمەزهەبی بكريتە يەكيك لە شيعارە ميحوەريەكانی خەباتی جەماوەری لەم دەورەيەدا.
حزبی كۆمۆنيستی كريكاری عيراق بزوتنەوەيەكی سەربەخۆخوازانە نیيە بەلكو بزوتنەوەيە بۆ چارەسەری ستەمی قەومی و نەهيشتنی كيشە و ناسنامە و سنوری قەومی. ئيمە ئەو ريگايە دەگرينە بەر كە بەزوترين كات كيشە و تەقسيمی قەومی ناهيليت و لە ئيستادا تاكتيكی داوای دەولەتيكی غەيرە قەومی لەعيراقدا دەتوانيت خزمەت بەو هەدەفەمان بكات. چارەنوسی كيشەی كورد لە عيراقدا ئيستا بەم مەسەلەيەوە گرێی خواردوە و تاكتيكی ئيمە پەيوەستە بەڕادەی تەحقيقی ئەم دەولەتە غەيرە قەومی يەوە.
ئەم پرۆسەيەی ئيستا ئەمريكا سەرپەرشتی دەكات بۆ دامەزراندنی دەسەلات لە عيراقدا ئيمكانی نیيە ريگەبگريت لە پەرەسەندنی كيشەی قەومی لەعيراقدا لەسايەی تەقسيمی ناسنامەی هاولاتیبون بەسەر كورد وشيعە و قەومی عەرەبی دا. لەم تەقسيمە فيدرالیيەدا كيشەو منافەسەی ئەم لايەنانە دەمينيتەوە و سەرچاوەی پيكدادان و نائارامی دەبيت.
كۆمۆنيزمی كريكاری كاتيك ناچار دەبيت تاكتيكی جيابونەوە پيشنيار بكات كە بزانيت هەموو جۆرە ئيحتمال و ئيمكاناتيك بۆ دامەزراندنی دەولەتی غەيرەقەومی لە عيراقدا وجودی نیيە وە كيشە و تەقسيمی قەومی ئيستا كۆمەلگای عيراقی لەبەردەم خەتەری سيناريۆی ڕەشی بەيۆگسلاڤيابوندا داناوە و جيابونەوەی كوردستان لە عيراق تەنها ريگای ناچارییە بۆ بەرگرتن بە رودانی ئەم سيناريۆيە.
لە كۆتايیدا دوبارە ئەوە تەئكيد دەكەينەوە كە لە روانگەی حزبی كۆمۆنيستی كريكاری عيراقەوە پيويستە چارەنوسی كوردستان لەلايەن خەلكی كوردستان خۆيانەوە لەريگای رفراندۆميكی ئازادانە بەسەرپەرشتی نەتەوەيەكگرتوەكان برياری لەسەر بدريت و حزبی ئيمە هەرئەم بريارە بەرەسمی دەناسێ بەجيالەوەی ڕای خۆی لەسەر جيابونەوە بيت يان مانەوە. ئەم مافەی خەلكی كوردستان بۆ بەرپاكردنی رفراندۆم لەسەر چارەنوسی سياسی كوردستان دەبيت بەرەسمی بناسريت لەلايەن هەموو هيزە ناوخۆيی و نيودەولەتيەكانەوە و پەيرەوی ليبكريت.

**ئاسۆ كمال**
**بەرپرسی كەمپينی نيونەتەوەيی رفراندۆم بۆ كوردستان و**
**ئەندامی مەكتەبی سياسی حزبی كۆمۆنيستی كريكاری عيراق**
**ناوەراستی ئاياری ٢٠٠٣**

PO BOX 32 525 LONDON W3 8BX
TEL:07739114351 & FAX:08701382283
E.MAIL: asokamal@yahoo.com

تێبینی كوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لەناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.